

# شێرزاد حەسەن

# لەناو کلتوری ئێمە جەستە تەنێکی فەرامۆشکراوە ، هەمیشە جەستەیەك بووە کە دەجەنگێ خوێنی لێدەتکێت و ئینجا گوللەی بەردەکەوێت و نامرێت ، بەبێ ئەوەی لەم هەموو کەین و بەینەدا جەستە ئێرۆسیەتی هەبێت

دیداری مەریوان هەڵەبجەیی

بەشی چوارەم

**● شێرزاد حەسەن لەگەڵ لڤیندا بەردەوامە و ئەو لەم دیدارەدا چیرۆکی خۆی دەنوسێتەوە. لەم بەشەدا مامۆستا شێرزاد لە هەندێك لایەنی تایبەتی ناو چیرۆکەکانی دێتە گۆ. لێرەدا ئەوە ڕووندەکاتەوە کە پەیوەندی ئەو بە خوێنەری جیهانییەوە لە چ ئاستێکدایە؟ پێمان دەڵێت ئەو واقیعی ژیان و گەورەبوونی وایلێکردووە کە کوردانە بیربکاتەوە و بنوسێت. هەر لەم بەشەدا شێرزاد حەسەن دەمانباتە ناو جیهانبینی تایبەتی خۆیی و دەربارەی ژن و دەڵێت " ژن گەورەترین ئەکتەری ئەم سەر زەمینەیە ئەو بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئافرەت و مەرگ زۆر لەگەڵ یەك هاوشانن. مامۆستا ئەوە بەبیر خوێنەر دەخاتەوە کە پێویستە ڕێز لە جەستە بگیرێت و بەچاوێکی خائینانە تێی نەڕوانین.**

**لڤین: پێت وایە چیرۆکەکانت تا چەند کوردیین؟ مەبەستم ئەوەیە ئەگەر وەربگێڕدرێنە سەر زمانێکی تر، دەکرێ خوێنەرانی ئەو زمانە بەخوێندنەوەی چیرۆکەکان بزانن ئەم چیرۆکانە کەسێکی کورد نووسیونی؟ دەتوانن نیشاندەری واقعی کۆمەڵگای کوردی بن ؟**

**شێرزاد حەسەن** : من ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە چونکە وەك ریفراندۆمی لێدێ، ئەبێ بزانین ئەمە لە کوێ چاپدەکرێ و لە کوێ بڵاودەبێتەوەو بە چ زمانێك، من وا هەستدەکەم هەموو ئەو شتانەم زۆر کوردیین، ئەگەرچی حەسار جەورێکی زۆر فەنتازییە بەڵام تا سەر ئێسقان کوردییە، باسی کۆمەڵگای کوردییە و دیسانەوە باسی گومانی منە لە ئازادی، گومانی منە لە ئازادی لەم قۆناغەدا، من باسی بەیانییم نەکردووە، نازانم بەیانی کورد چی لێدێ و باسی ئەم رۆژگارەم کردووە، باسی راپەڕین و شۆڕش ئەکرێ، من گومانم لە راپەڕین و شۆڕش هەیە و حەقی خۆمە وەکو بونەوەرێك لەسەر ئەم زەوییە گومانی لێبکەم، گومانم لەو هەموو بانگەشەیە هەیە کەبۆ ئازادی دەکرێت، من حەقمە گومانکار بم، گومانکارییش واتە گەڕان بەدوای ئیمانێکا کە غایبە، نییە، من ئەو چیرۆکانەی خۆم هەندێکیان کراوە بە ئینگلیزی و هەندێکیان کراون بە سویدی و بە فەرەنسیو چوار ئەوەندەشی کراوە بە فارسی، بەڵام راستت بوێت من نازانم رایان چییە، چونکە لەکەسم نەپرسیوە ئایا تۆ رات وایە ئەمە کوردێك نووسیبێتی، چونکە ئەگەر وابێت بۆچی داستایۆفسکی هەموو میللەتان خۆشیاندەوێت، پرسیارەکە ئەوەیە بۆ چیخۆف هەموو میللەتان خۆشیاندەوێت، من دەزانم جاك لەندەن رۆمانێکی ئایدۆلۆژی نووسیوە کە سەر بە رێبازی ئیشتراکییە، بەڵام رۆمانێکی زۆر جوانەو ئەگەر هەموو چەپەکان وەك جاك لەندەن رۆمان بنووسن من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئەوان نییە، ئێستا کاتم نییە باسی ئەم رۆمانە بە درێژی بکەم، بەڵام من هەستدەکەم رۆحێکی تیایە کە رۆحی هونەرەو دواجار دەزانم بە چ سەبکێك نوسیویەتی، رەنگە من بەو سەبکە نەتوانم بنووسم و دەسەڵاتم نەبێ پێی بنووسم، بەڵام دواجار من وا هەستدەکەم تۆ ناتوانی بڵێیت ئەدەبێکی هیندی چەند دەخوێنرێتەوە. ئەدەبی ئەمریکای لاتین ئەدەبێکی غەریبە، ئەمرۆ بەڕاستی ئەدەبی گەورە، ئەدەبی ئەمریکای لاتینییە، لەبەر ئەوەی سەر بە واقیعەتە. من هەستدەکەم چەندە کورد بووبم لە نوسینەکانمدا چەندە خۆم بووبم زیاتر دەگەم بە خەڵك نەك غەریبە بم، ئەگەر میللەتێکی وەکو تورك یان عەجەم یان عەرەب لەگەڵ ئێمە دراوسێن، لەزەت لە چیرۆکێکی من بکەن یان نەکەن ئەگەڕێتەوە بۆ من، دیارە من نەمتوانیوە وەکو هونەر قەناعەت بەوان بکەم، ریفراندۆمیشمان نییە تا لەڕێیەوە بزانین ئەم چیرۆکانە لای ئەوان چۆن دەکەونەوە هەربۆیە ئەوەی تۆ لە منی دەپرسی وەڵامەکەیم لانییە، چونکە نازانم چەند کەس ئەو شتەی خوێندۆتەوە و رای ئەوان چییە، فنلەندی شتی منی خوێندۆتەوە فەرەنسی و رۆمانییش، چەند بەرهەمێك خستۆتە بەردەستیان پێیان خۆشبووە، پێیان جوانبووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت من دەتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، بەس من هەستدەکەم کوردبوومەو وەك کوردێك نووسیومە، وەك شێرزاد نووسیومە. پێشتریش پێموتی من یەکەمجار خۆم

دەدوێنم ئینجا دنیا دەدوێنم.

**لڤین: پێشتر باسی ئەوەت کرد کە لەسەر چی دەنووسیت و چی دەبێتە بابەتی چیرۆکەکانت، هۆشەنگی گوڵشیری دەڵێت "من لەسەر ئەو ساندویچە دەنووسم کە کەمێک پێشتر خواردوومە" تۆ چەند لەگەڵ ئەوەدایت کە ئەم حاڵەتە (واتە زیاتر جەختکردن لەسەر واقیع و شتەکانی دەوروبەرمان لە نوسیندا) کە تارادەیەکی زۆر لە چیرۆکەکانی تۆدا رەنگیانداوەتەوە؟**

شێرزاد حەسەن: دەکرێ تاسنوورێك نووسەر و هونەرمەندیش بۆخۆیان پێغەمبەرێك بن ، پێغەمبەر وەك پەیامبەرێك  کە پەیامێکی هەیە، ئەم پەیامەی بۆ ئێستایە، بۆ ئایندەیە، پەیامەکەی قسەکردنە، دواندن و بەئاگاهێنان و لە خەوهەڵساندنی رابردووە، بەڵام ئەوەی من هەستی پێبکەم ئەگەر فەرەنسی بوومایە بە فەرەنسی بیرم دەکردەوە و ئەگەر رووسی بوومایە وەك رووسییەك بیرم دەکردەوە، من لەبەرئەوەی لێرەدەژیم وەکو کوردێك بیردەکەمەوە، بەڵام کۆمەڵێك کەرەستە لەبەردەستمە، من دەخوێنمەوە، بیردەکەمەوە، دیارە ساڵانێکی زۆری تەمەنم لەوەدا سەرفکرد کە خەڵکی تر چۆن دەنووسن، بە گەنجێتی ئەدەبی ئینگلیزی و رووسی و فەرەنسیم خوێندۆتەوە ئەمویست بزانم ئەم میللەتانە چۆن تەعبیریان لەخۆیان کردووە، چۆن تەعبیریان لە دەردی خۆیان، لە ئازار و ئەشکەنجە و لە گرفت و لە رۆحی خۆیان کردووە، چۆن رەسمی رۆحی خۆیانکردووە، بەڵام ئیتر پاش ساڵانێکی زۆر فێری ئەوەبووم ئامرازێك، زمانێك بدۆزمەوە، من لەسەرەتا بە عەرەبی دەمنووسی، حەزدەکەم بزانی دوای دوو سێ ساڵ لە بەعەرەبی نووسین ئینجا هاتمە سەر بە کوردینووسین، من کوردییەکی زۆر خراپم دەزانی، لەسەرەتاوە درەنگ فێری نووسین بووم بە کوردی، بە کوردییەکی پاك، کوردییەك زمانی ئەدەب بێت بەو مانایەی بڵند بێت و زمانێکی باڵابێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نا زمانێك بێت لەخەڵك دابڕێت، من هەستدەکەم لەوەدا زۆر بەختەوەرم کە لەسەر ئاستی میللی خەڵك باشم تێدەگات، رەنگە لای هەندێ خەڵك نەنگی بێت تۆ دابەزیتە ئاستی ئەوەی جوتیارێك تێتبگات، بەڵام من وای نابینم، من هەستدەکەم ئەو پیاوەی خۆی بە نووێنەرێکی نمرەیەکی خاوەن زەوقی ئەدەب ئەزانێ ئەگەر تێمبگات ئەوە دەبێت نەنکیشم تێمبگات، نازانم ئەم سیحرەم پێدەکرێ یان نا، بەڵام من ئەبێت زمانێك بدۆزمەوە لەبەرئەوەی کۆمەڵگایەکی مۆزایکی رەنگاورەنگت هەیە، رەنگە نووسەرێکی فەرەنسی ئەوەندە ماندوو نەبێت، رەنگە نووسەرێکی ئینگلیزییش ئەوەندە ماندوو نەبێت، بەڵام لە کۆمەڵگای کوردییدا چۆن دەنووسی، چۆن قسەدەکەی، بەتایبەتیش چۆن قسە لەو حەلاڵ و حەرامانە دەکەیت کە هەموویان بڤە و گوناهن، ناسازن، تۆ چ زمانێك بەکاردەهێنی، چ سیحرێك دەکەی خەڵك لەخۆت کۆبکەیتەوە، تۆ نایەیت بەبەرنامەیەکەوە ئیشبکەیت، بەڵام عومرێك سەرفدەکەیت تا ئەو بەرنامەیە جێگیر دەبێت، من کە دەنووسم کۆی ئەو مێژووە، خوێندنەوە، بیرکردنەوە، ئەو ئەزموونەی کە دیومە وەکو خۆت وتت لەگەڕەکە میللییەکانی هەولێرەوە لەگەڵما دێتەوەو دەڕژێنەوە سەر کاغەزەکە، بۆیە من زۆر بڕوام بەقسەکەی هەمەنگوایم هەیە "ناتوانم بنووسم ئەگەر خۆم شتێکم نەبیستبێ یان نەبینیبێ یان نەمخوێندبێتەوە لەشوێنێکدا" واتە دەبێت من حەکایەتبێژم و چیرۆکێکم هەیە، ئەگەر تۆ پێمدەڵێیت ئەمڕۆ چیتکرد ئەبێ من لە ژوورەکەم هاتبێتمە دەرەوە، یان ئەگەر من لە ژوورەکەما بووبم و نەهاتبێتمە دەرەوە دەبێت باسی ژورێکت بۆ بکەم کە تاریکبووەو هیچم نەدیوەو دە سەعات لەو ژوورەیابووبێتم، کە هاتمە دەرەوە ئینجا بۆت باسدەکەم لەدەرەوە چیم دیوە. واتە ئەبێت من شتێکم دیبێت شتێکم بیستبێت یا خەیاڵم بۆ شتێك چووبێت کە زادەی واقیعە ئینجا دەتوانم بیکەمە چیرۆك، مارکیز دەڵێت "راستە ئێوە من بە خاوەن فەنتازیا دەزانن، بە ساحیرو جادووگەر، بەڵام دواجار هەموو جادووەکانی من لە رەگ و ریشەوە ئەگەڕێتەوە ناو واقیع" بایەخی منیش بایەخی خەڵکە، بایەخی واقیعە، زەمینەیەکم نییە لە دەرەوەی ئەو خەڵکە، لەچیخۆف دەپرسن چیرۆك لای تۆ چییە؟ وتی من دەتوانم باسی ئەو شۆربایە بکەم کە ئێستا خواردوومە، چیرۆکی زۆر جوانیشی دروستکردووە، ئەمەش جۆرێکبوو لە تەحەدا، چیخۆف وتی من دەتوانم هەموو بابەتێك بکەم بە چیرۆك و سەرنجتان رابکێشم... هەیە حیکایەتخوانێکی بلیمەتە ئەتوانێ وابکات گەورەترین ژمارە لە خەڵك گوێی لێبگرن هەشە جوانترین حەکایەتی پێیە و ناتوانێت سەرنجی ژنەکەی و برادەرەکەی و هاورێکەی و منداڵەکانی بۆ رابکێشێت.. تۆ چ زمانێك ئەدۆزیتەوەو ئەو زمانە چەندە پەیوەندیدارە بەم دەوروبەرەوە کە تۆ تێیدات، من ناتوانم شتێك بنووسم تیایدا نەژیابم و هەستم پێنەکردبێت و پێیەوە نەتلابمەوەو وای لەمن نەکردبێت پێبکەنم یان بگریم، ئەویش هەروەکو عەشق وایە، تۆ ناتوانیت لەناو عەشقێکدا بژیت ئەگەر تێیدا نەگریابیت، تێیدا پێنەکەنیبیت. تۆ هەمیشە ناتوانی نامەیەکی دڵداری زۆر جوان بنووسیت کە کار لەوەی بەرامبەرت بکات ئەگەر لە عەشقەکەدا نەژیابیت، واتا تۆ دەبێت یەکەمجار وەکو بونەوەرێك عاشقانە لە ژیانتدا بژیت، من هەرگیز بیر لەوە ناکەمەوە کە نووسەرم، حەننا مینە رستەیەکی زۆر جوانی هەیە کە دەڵێت "من حەماڵییم کردووە، کۆڵکێشیم کردووە، کۆڵ هەڵگربووم، لە بەندەر کرێکاربووم و هەموو ئیشەکانم کردووە، بەندیخانەم دیوە، عەشقم کردووە، دۆڕاوم، سەرکەوتووم تیایدا بەڵام من ئەوانەم نەکردووە بۆ ئەوەی دوایی بیاننووسمەوە، بەڵکو من وەکو بوونەوەرێك ژیاوم، وەکو ئادەمێك ژیاوم" من ژیاوم و جا دواجار دەبێ بە ئەدەب، بە هونەر یان نابێت ئەمە مەسەلەیەکی ترە.. من حەزدەکەەم یەك حەقیقەت بڵێم و رەنگە ئەمە جێی گومان بێت لای زۆر کەس“ من هەرگیز بیرم نییە نووسەرم تا ئەو وەختەی خەڵك بەبیرم دێنێتەوە، چونکە من ناژیم لەبەرئەوەی نووسەرم، ئەژیم لەبەرئەوەی ژیانم خۆشدەوێت، دوای ئەوەی لە شوێنێکدا تۆ رستەیەکت دەبێت بەرامبەر بە دنیا بیلێیتەوەو بیدەیتەوە ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە، بۆیە دواجار تۆ ناتوانیت نووسەرێکی کاریگەر بیت لەسەر خەڵك لەکاتێکدا تۆ پڕ بەدڵ بە هەموو هەستونەستتەوە کە تۆ مەحکومی پێیان نەژیابیت، دوای ئەوە دەبیت بە نووسەر یان نابیت. دەکرێت بەیانی وازبێنم، وەکو رامبۆ لە تەمەنی نۆزدە و بیست ساڵی وازی لەشیعر هێنا چوو بوو بە قاچاخچی لە حەبەشە، قاچاخچی چەك فرۆشتن، ئەوەندە بەپێ رۆی قاچیان بڕییەوە و پێیانوت تۆ لە فەرەنسا شاعیرێکی گەورەیت. وتی ئێوە باسی چیدەکەن من ئێستا قاچاخچییم.. هەیە دەڵێت دەکرێ تۆ قاچاخچی بیت، کێشە نییە، رەنگە ئەگەر من راوچییەکی باشبوومایە ئەبووم بە راوچی. باوکم عاشقی قومار بوو، لەم ئەخیرەدا تێگەیشتم چۆن من عاشقی رۆمان خوێندنەوە و چیرۆك

خوێندنەوە و نووسینم. ئەویش هەمان دەردی هەبوو، من ئێستا دەیبوورم. من هەستدەکەم داستایۆفسکی گەورە قومارباز بووە، فۆکنەر گەورەترین مەیخۆر بووە، قەت رستەیەکی نەنووسیوە سەرخۆش نەبووبێت، تۆ چی لەو کەسانە دەکەیت، ئەوانە ژیاون و دواتر بوون بە نووسەر. تۆ مومارەسەی ژیان دەکەیت، تۆ ناچیت لەبەر خاتری خەڵك عەشق بکەیت تۆ یا عاشقی یا عاشق نیت، تۆ کە دەنووسیت بۆ ئەوە نییە کە خەڵك پەنجەت بۆ راکێشێت، تۆ ژیاویت و دواجار مەحکوم بوویت بەوەی کە ئەم ژیانە قەرزبکەیت بۆ ئەوەی بنووسیت وەك نیچە دەڵێت " لەبەرئەوە ئێمە سەرگەرمی هونەرین دەترسین ئەگەر ئێمە سەرگەرمی ئەوە نەبین بخنکێین" من هەستدەکەم زۆرجار بۆیە خەریکی نووسینم چونکە خەریکە دەخنکێم گەر من لەزەتم لە مەی خواردنەوە یان مێبازی بکردایە زۆر روومدەکردە ئەوە، بەڵام من لەبەرئەوە بە درێژایی مێژوو سێ ساڵ لەگەڵ ئافرەت دۆڕا بووم، رەنگە بەشێکی لەبەرئەوە بووبێت هاتوومەتە ناو ئەدەب، ئیتر چوزانم؟!

**لڤین: بەدرێژایی مێژووی ئیشکردنت لەناو ئەزموونە رەنگاورەنگەکانتدا بەردەوام قسەت لەسەر ئافرەت و مافەکانیان کردووە و بەرگریت لێکردوون و خوێندنەوەی تایبەتت هەبووە بۆ ئەو ستەمەی لێیانکراوە و دەکرێت، حەزدەکەم بگەڕێینەوە بۆ دواوە و باسی دروستبونی شارستانییەکان و رۆڵی ئافرەت لە شارستانیەتەکاندا بکەین بە گشتی ئەمە چۆنی دەبینیت؟**

شێرزاد حەسەن: باوەڕم وایە ژن بەدرێژایی مێژوو گەورەترین ئەکتەر بووە لەسەر ئەم زەمینەو ئەکتەری یەکەم لەخەیاڵگەی هەموو میللەتانی دنیا لەسەر ئەم زەوییە لە کۆنەوە تا ئێستا حەوایە، قسە لەسەرحەوادەکرێت، قسە لەسەر فریوی ئادەم دەکرێت، قسە لە یەکەم کەس دەکرێت کە تووشی نەفرەتی کردین.. دیارە من زۆر دژی ئەم چیرۆکەم، بەڵام ئەو چیرۆکە خۆی وایە، کەواتە یەکەم فڕێدانمان لە بەهەشتەوە بۆ سەر زەوی دەکرێت ئەم دۆزەخە بێت کە ئەم هەموو میللەتانەی دنیای تێکەوتووە. تازە ناکرێت بە هیچ پێوانەیەك بڵێین زەوی زەویی حەوانەوە و خۆشییە، دەکرێت زەوی لێرە و لەوێ دۆزەخی گەورەگەورەی تیابێت، کەواتە یەکەم کەس لە خەیاڵگەی مرۆڤایەتی کە گوناهی بەرامبەر مرۆڤ کردو لەخوداش هەڵگەڕایەوە حەوا بوو، ئەگەر ئەم چیرۆکە وەکو خۆی وەربگرین بزانە چ کارەساتێکی ناوەتەوە، بیریلێبکەرەوە ئەم چیرۆکە چ جوانییەکی تیایە. مێژووی ئیمپراتۆرییەتەکان بخوێنەوە، هەڵکشان و داکشانیان، هەڵسان و رمانیان سەیربکە، ئەگەر تۆ جەنگەکان بخوێنیتەوە و ئەگەر تۆ کۆی میراتی هونەر ئەدەبی مرۆڤایەتی تەماشابکەیت تێدەگەیت ئافرەت چ کارەکتەرێکی سەیربووە، ئەگەرچی لە هەندێکجاردا لە پشت پەردەکانەوە ئیشیکردووە، بەڵام هێزی هەبووەو وجودی هەبووە، بیریشمان نەچێت ئێمە قسەمان زۆر لەسەر نێرسالاری کردووە، تەمەنی پاتریارکییەت هەمووی دە هەزار ساڵە، ماتریارکییەت کە دەکاتە دایکسالاری دەگەڕێتەوە بۆ سێ ملیۆن ساڵ، ئەمەیان زۆر سەیرەو یەکەم تێکشکانی ماتریارکییەت لەبەردەمی پاتریارکییەت دەگەڕێتەوە بۆ دە هەزار ساڵ، ئەم تێکشکانە لەسەر زەوی میزۆپۆتامیادا بووە، واتە لەم ناوچەیەدا بووە لە وادی رافیدەین، لەم ناوچەیەدا بووە کە ئێستا من و تۆ قسەی تیا دەکەین کەواتە دەکرێت ئەم ناوچەیە بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتییدا بووبێتە مەڵبەندی باوکسالاری..

**لڤین: ئافرەت ئامادەگییەکی بەردەوام و هەمیشەیی و تارادەیەک باشی هەیە لە چیرۆکەکانتدا، بە پێچەوانەوە کەمتر لە چیرۆکی کوردییدا بینراوە تا ئەو رادەیە بایەخبدرێت بە ئافرەت و کێشەکانی و دەکرێت بڵێین لەم بوارەدا شێرزاد حەسەن دیارترین نووسەری کوردە کەباسی لایەنە حەرام و باسنەکراوەکانی ئافرەتی کوردی کردووە، وا تێدەگەم تۆ بەردەوام خوێندنەوەیەکی مێژوویيت هەیە بۆ ئەو ستەمکارییەی کە بەرامبەر ئافرەت کراوە، هۆکاری ئەمە دەگەڕێنیتەوە بۆچی؟**

شێرزاد حەسەن: بڕواناکەم بەتەنها من بووبم باسی ئافرەتم کردبێت، باسی ئەوە دەکرێت وەکو ئەوەی بەختیار لەسەر چیرۆکی (میمی) نووسیوە، ئەوەی من لەیادم بێت رستەیەکی وایە کە ئایا جەستەی نێر و مێ لەناو کلتوری ئێمەدا خائینە یان دۆست؟ بەڵام بە قەناعەتی من بەردەوام لای ئێمە جەستە خائین بووە، جەستە خیانەتکاربووەو شتێکی دزێو بووە، لای ئێمە جەستە شتێکی بە نەفرەتکراوە. نازانم ئایا بە مەبەست بێت یان بێ مەبەست کۆی ئەو میرات و ژیانەی کە تیایدا ژیاوم و ئەو هەموو حەرام و حەڵاڵەی لە منداڵییەوە فێرکرام و دوایی هێدی هێدی لە کۆمەڵگەیەکی پڕ لە ئاییندا پەروەردەکراوم و گەورە بووم ، دەستبردنم بۆ قەدەغەکراوەکان فێری کردم یەك شت بزانم ئەویش ئەوەیە جەستە دەکرێت رێزی لێبگیرێت، دەکرێ رێز لەلەش بگیرێت، دەبێت جارێکی تر لەش حسابی بۆ بکرێتەوە. من کە بیرم لەلەش کردەوە، لەش تەنێکی فەرامۆشکراوە. لەش لەناو کورد و لەناو کلتوری ئێمەدا لەشێکە دەجەنگێ و خوێنی لێدێت و ئینجا گوللەی بەردەکەوێت و نامرێت. لەش کرێکارێکی بازوو ئەستوورە، جوتیارێکە لەئاغا هەڵدەگەڕێتەوە، بەڵام لەناو ئەم هەموو کەینوبەینەدا جەستە ئیرۆسیەتی نییە. لە ئەدەبی ئێمەدا (باسی کلاسیك ناکەم کە زۆرجار باسی ئافرەت کراوە) کەمترین جار باسی ئافرەت کراوە، ئەگەر بێینە لای گۆران یان بچینە لای ئەحمەد هەردی وێنەی ژن بەجۆرێکی ترە. یان کە تۆ دێیتە ناو ئەدەبی نیو کلاسیك یان دێیتە ئەدەبی نوێ هێدی هێدی ئافرەت یا پەیوەندی نێوان نێر و مێ ئەبێت بە بابەتێك بەڵام بە ترس و شەرمەوەو لەژێر چەتری رێوڕەسمی ئایدۆلۆژیایەکدایە، بۆنموونە پێشمەرگە دروستدەکرێ هەرگیز نە دڵداری دەکات و نە دەستپەڕیش دەکات، هیچ ناکات بەس جەنگاوەرە،جوتیارە، کرێکارە، بەڵام ئەم مرۆڤە بەدەرە لە رۆحێکی ئیرۆسیانە، بەدەرە لە ژیاندۆستی، ژیاندۆسی بەوەی کە کەمێك بگەڕێتەوە ناو لەشی خۆی و رێز لەلەشی خۆی بگرێت وەك تەنێك کە پڕە لە ئارەزوو خەون و خەیاڵ. بیرمانە لە پۆلەکاندا بەردەوام مامۆستاکان دەیانوت خەیاڵتان نەڕوات، ترس لە خەیاڵڕۆیشتن بەسە بۆ ئەوەی کە تۆ ئیرۆسی تیا بکوژی، کەواتە ئەو تەنێکە تەنیا دەبێت مەعریفەتی هەبێت، من لە کەڵەکوڕان و ئاسکەکچان باسی درۆی ئەم مەعریفەتە دەکەم کە بەزۆر لەسەر حیسابی کوشتنی ئیرۆسیەتەکە دەچێنرێ.. لای من ئیرۆسیەت کۆی ئەو شتانەیە کە ژیان جوان دەکات.. هەر بەتەنیا منیش نیم کە ئەمە دەڵێم، هەموو برادەران هاوڕان لەسەرئەوەی کە بەهۆی کلتور و داب و نەریتەوە یان بەهۆی پابەستی ئێمەوە بە ئاینێکەوە کە ئەویش ئایینی ئیسلامەو لەسەر مەرگدۆستی ئیشدەکات زۆر بەکەمی نەبێت

# قوتابخانەکانی ئێستای ئێمە لە سەدەی بیستویەکدا لە شێوەی زینداندا دروستکراون ، زیندانێك کە پڕە لە کوڕ و لەکچی زیندانیکراو

ڕێزی جەستەمان ناگرین. من تۆزێك لەمەوبەر باسی ژنم کرد، باسی ژنت لێپرسیم، ئەو شین و شەپۆرەی ژنان دەیکەن بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بۆ مردووەکان، بۆ پیاوەکان، گوایە ئەمە جۆرێکە لە خۆپاککردنەوە لە گوناهی یەکەم کە گوناهی دایکە حەوایە، دەبێت بە درێژایی ژیان ژنەکانمان ڕەشپۆش بن چونکە ئەوان بوون ڕەشپۆشیان کردین! ئەوان بوون ئێمەیان خستە سەر ئەم دۆزەخە! ئەوان بوون لەو بەهەشتە خۆشە دەریانهێناین و ئەگەر ئێمە لە بەهەشت بووینایە نەدەمردین! کەواتە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئافرەت و مەرگ زۆر لەگەڵ یەك هاوشانن.. کۆکترین، تێکەڵترین، ئۆرگانیترین پەیوەندی لە مێژوو لە کولتوری هەموو بەشەریەت و لە کولتوری ڕۆژهەڵات و ئەم ناوچەیەی ئێمەشدا پەیوەندییەکی زۆر قوڵ و ئۆرگانیییە لە نێوان ژن و مەرگدا، چونکە ئێمە کە کەوتینە سەرزەوی مەرگمان بەسەردا سەپا کە واتای ئەمەش خەتای دایکە حەوایە و ئەبێت ژنان تا ماون بگرین و بناڵێنن و ڕەشپۆش بن لەبەرئەوەی گوناهێکی گەورەیان بەرامبەر کۆی مرۆڤایەتی کردووە و ئەو چیرۆکە لە ئینجیل و تەورات و قورئان و هەموو کتێبەکاندا هەیە، لە موسەلاتی بابلی هەیە، لە چیرۆکە کۆنەکانی سۆمەرییەکان هەیە، کەواتە بڕوانە خەیاڵگەی بەشەری چۆن ئافرەتی فڕێداوەتە دەرەوە و ئافرەت چەندە بوونەوەرێکی نەفرەتلێکراوو دزێوو چەند ترسناکە. بۆ تۆ بەسە کە تەنها سورەتی یوسف بخوێنیتەوە، تێدەگەی زولێخا کە ژنێکی فریودەرە وێنەی هەموو ژنەکانە و ئەویش هەر لە دایکە حەوا دەچێت و پیاوەکانیش هەموو یوسفەکانن، هەمیشە هێرشیان دەکرێتە سەر و پاکیزەن، لە خەیاڵگەی ئێمەدا ئەوە ژنەکان نین پاکیزەن، ئەوە ژنەکانن هێرشدەبەن و پڕن لە ئاڵۆش و جنس و سێکس، بۆیە بەدرێژایی مێژوو لە خەیاڵگەی زۆر لە میللەتانی دنیادا ژنێك هەیە کە شەوانە تاریك دادێت دوو مەمکی گەورەی هەیە، ئەگەڕێ و پیاو هەڵدەلوشێ، ئەو وێنایە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئیشی کردووە و لەوێدایە تۆ تێدەگەیت کە ڕێزگرتن لە ئیرۆسیەت شەرێکی کەم نییەو بۆ خۆی ڕێزدانانە بۆ لەشێك کە من لەبەردەمتدا وەستاوم ڕۆح چییە؟ لەش چییە جگە لە ڕەنگدانەوەوگەمەکانی حاڵەتە ڕۆحییەکان و تەجەلای ڕۆحە ئیشدەکات، ڕۆح کە دەدوێ، کە قسەدەکات چییە دەبێت ئەگەر تۆ لەشت لەمووی سەرتەوە تا بنی پێت ئیشنەکات و نەجوڵێت و زیندوو نەبێت، بۆیە من قەناعەتم وایە قسەکردن لەسەر ئەو پەیوەندییەی نێوان نێر و مێ بۆخۆی لە قۆناغێکدا و تائێستاشی لەگەڵدابێت شتێکە لەشتە هەرە حەرامەکان، لەبەرئەوەیە ئێستا دیسانەوە باس لە لەش دەکرێت، بۆیە ئەمڕۆ پێت سەیرنەبێت وای لێهاتووە هەتا لە ڕۆژئاواش کچی ڕەفتە لەسەر دەبینرێت کە دەبێت قژ داپۆشێ چونکە ئەگەر تاڵەقژێکی دەرکەوێ شەیتانێکی لەژێردایە، دیسانەوە چۆن مەرگ و ژن بە ئۆرگانیکی تێکەڵن، ئەمجارەشیان شەیتان و ژن دیسانەوە تێکەڵن، چۆن شەیتان لە ژن دەکەیتەوە و دەریدێنی!!! دەڵێم ژن مەرگچێن نییە ژن دۆستی شەیتانیش نییە، چونکە دیسانەوە شەیتان بە حەوا دەڵێ ئێوە پێویستە لەو درەختە بخۆن و ئەو بەجوانییەکەی خۆی، بە نازونوکەکەی خۆی ئادەم فریودەدات، کەواتە ژن لە خەیاڵگەی مرۆڤایەتیدا دۆستێکی زۆر نزیکی شەیتانە و ئەم چیرۆکانە دەماودەم بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، مرۆڤ دایڕشتوون و تۆ دێیت جارێکیتر لە چیرۆکێکتدا لە ڕۆمانێکتدا باسی ئەو پەیوەندییە زۆر ئاڵۆز و پڕ نهێنی و پەنهانە دەکەی کە دەکرێت نەکەس شەیتان بێت و نەکەس فریشتە، ئەوانە دوو مرۆڤن هەناسە دەدەن و ڕێزگرتن لەم پەیوەندییە و ڕێزگرتن لە ناکۆکی ئەو پەیوەندییە، لەگیروگرفت و تاریکایی و شەوەزەنگەکانی ئەو پەیوەندییە قسەیەکە ئەبێ بکرێ و ئەبێ بوترێت و ئەمەش کارێکی سیحربازیی نییە.. ئێمە سەد ساڵە ئەجەنگین بۆیە بڕوا دەکەم ئەدەب بەردەوام پێویستی بەوە بووە کە زیاتر قسەبێت لەسەر ئاستی دروشم، بانگەشە، هاندان، وەکو پێموتی هاندانی جوتیار دژی ئاغا، کرێکار دژی سەرمایەدار. ئەبێ پێشمەرگە لە سەنگەرەکان نەبەزێت وبەردەوام تەقەبکات. بەڵام ئەوانە وەك بوونەوەرێك بەدەرن لە ڕۆح و لە هەرچی ئیرۆسیەتێك کە هەیە، من تەنها دێمەوە ناو پۆلەکان، دێمەوە لای بێوەژنێك، دێمەوە لای قەیرەکچێك، دێمەوە لای عاشقە دۆڕاوەکان و ئەڵێم ئەوانە مرۆڤن و ئەژین، لەسەر جادە تێپەڕدەبن، ئەوانە هەموویان زیندانیین بەسەر جادەکانا ئەڕۆن و قوتابخانەکانی ئێستەی ئێمە لەسەدەی بیست و یەکدا لە شێوەی زیندان دروستکراون، زیندانێك کە پڕە لە کوڕ و زیندانێك پڕە لە کچ، لە هەرەمی ماسلۆدا، لە قوچەکی ماسلۆدا مەعریفەت لەسەری سەرەوە نییە، بەڵکو لە کۆتاییدا دێت و لە یەکەم پێگەی قوچەکەکی ئەم پیاوەدا باسی پێویستی بایۆلۆژییەکان دەکات. مرۆڤ کە لە دایکدەبێت بۆ شیردەگری، تا دەگاتە پێویستی خواردن و خۆراك و تا دەگاتە قۆناغی ئەوەی تۆ پێویستت بە حاڵەتێکی ئیرۆسی یان سێکسی هەیە، تا دەگات بە خۆشەویستی، بە تەحقیقی زات تا دەگا بەوەی دەبێت سەلامەت بێت و دوایی و لە کۆتاییدا پێویستی بە مەعریفەتە کەچی لە کۆمەڵگەیەکی ئاوا نەگبەتدا مەعریفەت بۆتە یەکەم، لە قوتابخانەکانی ئێمەدا هەموو شتە ئیرۆسییەکان فەرامۆشکراون، تۆ چۆن بەو خەڵکە ناڵێیت ئەرێ قوڕبەسەرینە ئێوە شتێکتان فەرامۆشکردووە کە خودی ئینسان و پێویستییەکانی مرۆڤ خۆیەتی.